المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

# ڕیشە کولتوورییەکانی ترس لەکۆمەڵگای کوردیدا
## توێژینەوەیەکی شیکارییە

***پ ی د. حیکمەت نامیق عەلی***
**زانکۆی سەڵاحەدین کۆلێژی پەروەردەی مخمور بەشی کوردی**
07504523672
hikmat.ali@su.edu.krd

**پوختە**
ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بەکارهێنانی ڕێبازی چۆنایەتییە بۆ زانین و دەرخستنی ترس وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری. ئەم توێژینەوەیە ئەوەی نیشانداوە کەوا ترس بەشێکی گرنگە بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی. هەروەها ئەم توێژینەوە تیۆرییە ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کەوا ترس بووەتە کولتوورو پەیوەندی بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە.هەروەها ئەم توێژینەوە شیکاریە ئەوەی دەرخستووە کە ترس بەرمەبنای پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسییە بۆ مانەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەم توێژینەوە تیۆرییە ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە کۆمەڵی کوردی لەڕێگای پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە تاک وگرووپەکان ڕووبەڕووی ترس دەبنەوە. یەکێ لەئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوە شیکارییە ئەوە دەردەخات کەوا ترس بەرهەمی بونیادی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ ئەوەشدا ترس وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بووەتە کولتوور لەنەوەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوازرێتەوە.
کلیلە وشە: ترس، ترسی نەوەکان، کولتووری ترس،سیاسەت، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ئایندەی ترس

## الجذور الثقافي للخوف في المجتمع الكردي

الملخص
تهدف هذه الدراسة الى التحليل الكيفي للخوف كظاهرة اجتماعية وثقافية ، إذ تؤكد هذه الدراسة على ان الخوف يؤدي دور محوري في التنظيم الاجتماعي ، فضلا عن ذلك خلص هذا البحث الى ان الخوف اصبح ثقافة متداولة و له علاقة بالتنشئة الاجتماعية ، كما اكدت الدراسة على ان الخوف كان نتيجة لبعض العوامل الاجتماعية والثقافية في سبيل الحفاظ على النظام الاجتماعي والسياسي وقد اكد البحث بان المجتمع الكردي يواجه الخوف في شتى المجالات عن طريق عملية التنشئة الاجتماعية.
الكلمات الرئيسة : الخوف, التنشئة الاجتماعية, ثقافة الخوف, السياسة, مسقبل الخوف, الخوف الاجيال.

## The cultural roots of the fear in the Kurdish community

Abstract
This research aims to analyze qualitative research to indicate fear as a cultural and social phenomenon. This research demonstrates that fear plays a significant role in social control. In addition to that, the research reveals that fear has become the culture, and it is relevant to social structure and socialization. Moreover, this theoretical study indicates that fear is produced by the social and political system to maintain the social and political system as well. This explanatory study clarifies that the Kurdish community faced fear in different ways through the process of socialization
**key words:** fear, socialization, culture of fear, politics, generations fear, the future of fear.

## پێشەکی

ترس دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە مرۆڤ هەمیشە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ڕێژەی ترس لەناو کۆمەڵگدا لەگەڵ جۆری پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەرزیی و نزمی بەخۆیەوە دەبینێ، چونکە ترس بەرەنجامی پێکهاتەو پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە. ترس وەک ئامرازێکی گرنگ بەکاردەهێنرێت بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی تاک و گرووپەکانی ناو کۆمەڵ. ترس بووتە کولتوور لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە. تاک لەکۆمەڵگای کوردیدا وەک هەر کۆمەڵگایەکی تر بەڕێگای جیاواز ڕووبەڕووی ترس دەبێتەوە. کولتووری ترس دەمێکە بوونی هەیە بەجۆرێک لەوەتەی مرۆڤ دروستبووە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆدێرنەوە زاڵبوونی دنیای تەکنەلۆژیی و جیهانگیری جۆرو ڕێژەی ترسەکان زیاتر بوون لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.ترس هەم کۆمەڵگا بەرهەمی دێنێت هەم سیاسەت بەمەبەستی کۆنترۆڵ و بەرزەفتکرنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.ئەم توێژینەوە شیکارییە لەچەند تەوەرێک پێکدێت.هەرتەوەرەو تایبەتە بەترس وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی.گرنگی ئەم توێژنەوە شیکارییە خۆی لەوەدا دەدۆزێتەوە کە ترس هەرتایبەت نییە بەلایەنی دەروونی، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەشێکە لەکولتووری کۆمەڵگاکان، هەروەها گرنگی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە قوتابیان وخوێندکاران سود لەلایەنی تیۆریی وەردەگرن بەجۆرێک کە سودی هەبێت بۆ لێکۆڵینەوەی لایەنی مەیدانی ترس ووەرگرتنی نموونەی جیاواز.تەوەری یەکەمی ئەم توێژینەوە شیکارییە کار لەسەر ترس دەکات وەک کولتوور توێژەر ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کەوا ترس بووەتە کولتوور. هەروەها تەوەری دووەم کار لەسەر ئەوە دەکات کەوا ترس بەشێکە لە پێگەیاندن وڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، هەروەها تەوەری سێیەم باسی ترس و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەکات لەنێو کۆمەڵی کوردیدا. تەوەری چوارەم باسی ترس وسیاسەت دەکات، تەوەری پێنجەم باسی ترس دەکات لەنێو کۆمەڵی کوردیدا. هەر لەم توێژنەوەدا توێژەر لەتەوەری شەشەم باسی هەریەکە لە ترس لەنێوان دوونەوەی جیاواز دەکات لەگەڵ کۆتا تەوەر کە تەوەری شەشەمە کار لەسەر ترس لەئایندە دەکات.

## پرسیاری توێژینەوە

ئایا ترس بەرمەبنای پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە؟

پەیوەندی ترس چیە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کولتوور**؟**

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە شیکارییە ئاشنابوون و زانینی ڕیشە کولتوورییەکانی ترسە لەڕوانگەی سۆسیۆلۆژییەوە لەکۆمەڵگای کوردییدا.

## تەوەری یەکەم:

## ترس وەک کولتوور

ئەم تەوەرە کار لەسەر ئەو ترسانەدەکات کە بوونەتە کولتوور لەنەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی دیکە ترسەکان دەگوازرێنەوە. هەرچەندە ترسەکان لەگەڵ ئاڵۆزبوونی کۆمەڵگاکان و گەشە تەکنەلۆژییەکان زیاتر دەبن، بەڵام دواجار دەبنە کولتوور و ڕێگای بیرکردنەوەی مرۆڤەکان، چونکە دەچنە نێو بونیادو پێکهاتەی نەریت و سیستەمەکان.

وەک ئاماژەمان بۆکرد ترس بەرەنجامی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی وپەروەردەی کۆمەڵایەتییە، هەرچەندە زۆربەی توێژینەوەکان ئاماژە بەلایەنی دەروونی وکۆمەڵایەتی دەکەن، بەڵام ترس لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم گۆڕانی بەسەرداهات بەجۆرێک خێرابوونی تەکنەلۆژیاو بڵاو بوونەوەی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان ترسی مرۆڤی کردە کولتوورێک بەشێوەیەک مرۆڤ لەسەردەمی ترس گوزەر دەکات. جیهانگیری وپرۆژەکانی زیاتر بوونە هۆی تەشەنەکردنی ترس لای مرۆڤ.

مرۆڤی ئێستا لەسەردەمی ترس دەژی ترس لە هەمووشتێک لەدەستدانی نزیکترین کەس ترس لە شتی نەزانراو، ترس لەسەرهەڵدانی بیری توندڕەوی، ترس لە تێکچوونی دۆخەکە، مرۆڤ لەنێوترس گۆشکرایە، ترسی لەناکاو دێت و تۆنازانی کەی دێت و شتەکانی دەوروبەرت دەگۆڕێت. ئەوانەی دەسەڵاتی بڵاوکردنەوەی ترسیان هەیە دروستکەری هەموو ئەوترسانەن.

کولتووری ترس بووەتە بەشێک لەژیانی مرۆڤ بەشێوەی فراوان مرۆڤ هەمیشە هەست بەوترسە دەکات ئەو ترسە تەنیا پەیوەست نیە بە کایەی سیاسی، بەڵکو ئەو کولتوورە لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤ دروستبووە، ترس لە برسیەتی ترس لە ڕوودانی شەڕ، ترس لە مردن، ترس لە هەموو ڕووەکانی ژیان، ڕەنگە ئەو ترسە پەیوەندیی بە ئەزموونی کەسێکی دیاریکراو نەبێ، بەڵکو ترس پەیوەندی بەهەموو کۆمەڵگاو مرۆڤەکانەوە هەیە بۆنموونە ترس لە ڕوودانی شەڕو کارەسات پەیوەندی بە کۆی کۆمەڵگاوە هەیە. هەندێ جار ئەزموونە کەسییەکان خەیاڵی ترسمان لادروستدەکەن ، کولتووری ترس لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، ڕەنگە ترسی کەسێکی ڕابردوی چەند دەیەو سەدەیەک بەرلەئێستا جیاوازتر بێ لەو ترسەی کە دنیای مۆدێرنەو گلۆباڵ دروستیان کردووە لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان. ترسی ڕابردوو لە ململانێ و شەڕی حەقیقی هێزەباڵادەستەکان بوو زیاتر بەرگێکی سیاسی و دیکتاتۆریان هەبوو، ترس بوو لە برسیەتی و قات وقڕی و نەبوونی و نەخۆشی و تاوان و کوشتن و هتد.. ترسی ئێستا لە تەکنەلۆژی و پیسبوونی ژینگەو تەندروستی و خواردن و دنیایەک شتی ترە بەپێی بۆچوونی کۆمەڵناسانی ئەوروپا ئەو جۆرە ترسە تەواوی ئەوروپای داگیرکردوە.

هەرچەندە تایبەتمەندیی ترسەکان هاوبەشن بە هۆی بچوکبوونەوەی دنیا، بەڵام خاڵی جیاوازیان هەیە کولتووری ترس وەک ئاماژەمان بۆکرد تەنیا تایبەت نیە بە کایەی سیاسی، بەڵکو دەچێتە ناو هەموو کایەکان بۆنموونە ترسی نەوەی ئێستا لە پەروەردەکردنی منالەکانیەتی، ترسی مرۆڤی کورد لە نەبوونی بیمەی تەندروستی و نەبوونی مافی مرۆڤە. ترسی گەنجی کورد لە بەفیرۆچوونی وزەی گەنجێتیەتی، ترسی مرۆڤی کورد لە ڕوودانی ڕووداوی گەورەیە، ترسی مرۆڤی کورد لە پێنەدانی مووچەو بژێوی ژیانە، ترسە لە زۆربوونی بیانی و نەمانی ناسنامە، چونکە گرنگترین پایەی کۆمەڵگا و نەتەوە گەلاڵەبوونی ناسنامەیە خەریکە دنیای تازەگەری وجیهانگیری ئەو ناسنامەیە لەباردەبات، هەروەها ترسە لە تێکچوونی خێزان و هەڵوەشانەوەی وەک هەوەڵین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، ترسی مرۆڤی کورد ترسە لە زۆربوونی توندوتیژی و ڕاهاتن بەمادە هۆشبەرەکان، بەتایبەتی نەوەی گەنجان.

ئەوەی کەمرۆڤی کورد دەترسێنێ ترسە لەتەقینەوەی دۆخەکە، ترسە لەهەڵوێست وەرگرتن بەرانبەر بە ناعەدالەتی دنیایەک ترسی دیکە، زۆربەی جۆری ترسەکان لەئەنجامی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئاینی وسیاسی وپێگەیاندنی کۆمەڵایتییەوە دروستدەبێ. ترسەکان دواجار دەبنە کولتوور لەنەوەیەکەوە بۆیەکێکی دیکە دەگوازرێتەوە. زۆرێک لە توێژینەوەکانی بواری

کۆمەڵناسی وبوارەکانی دیکە ئەوە دووپاتدەکەوە کەوا ترس کولتوورە.چونکە ترس بەفراوانی بڵاو بووەتەوە وەک ئامرازێکی گرنگی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ئەرکی خۆی دەگێڕێت لەنێو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە خۆی نمایش دەکات، هەروەها لەنێو دامەزراوە میدیایی و سیاسییەکانەوە هەمدیسان خۆی دەردەخات. (ئێلرپش بێک) وای دەبینێ ترس پەیوەستە بە دامەزراوە نەخوازراوەکانی مۆدێرنەوە، هەروەها دەڵێ ئێمە لەسەردەمی ڕیسکی کۆمەڵگا دەژین مرۆڤ لەکارەساتی تەکنەلۆژیی و تیرۆریزم و داڕمانی ئابوریی دەژین. هەروەها پێی وایە دامەزراوە کلاسیکییەکان شکستیان هێناوە لەهەمبەر زاڵبوون بەسەر ترس و نائارامیەوە.
(Lipton, Debora, 1999,p8-9)
ژنە کۆمەڵناسی ئوستورالی (دیبۆرا لیبتۆن) وای دەبینێ ڕیسک و ترس لەئێستادا هەژموونی تەواوی بەسەر تاک و دامەزراوەکاندا هەیە لەکۆمەڵگا ئەوروپیەکاندا، بەتایبەتی لەسەر ئاستی پیسبوونی ژینگەو لافاو ماده کیمیایەکان و تیشکدانەوەو ئاگرو مەترسی ڕێگاکان.ترسەکان هەربەمەش ناوەستێ، بەڵکو ستاییللی ژیانی تاک وکۆمەڵگاشی گرتۆتەوە، هەروەها چووەتە ناو کاڵاو خواردن و دەرمان و پزیشکیەوە.
(Lipton, Debora , 1999 p14
کەواتە ترس و ڕیسکەکان چوونەتە نێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە کولتووری مرۆڤەکان بەشێوەیەک مرۆڤ لەژیانی ڕۆژانەیدا بەرکەوتەی لەگەڵ جۆری ترس و ڕیسکەکان هەیە، هەرچەندە ترسەکان وەک سەرەتا ئاماژەمان بۆکرد بەپێی قۆناغی گەشەکردنی کۆمەڵگاکان گۆڕانیان بەسەرداذیت هاوتەریب لەگەڵیشیدا پێناسەو ئەزمونی ترسەکان گۆڕانیان بەسەرداذیت، بۆنموونە ترسی کۆمەڵگاکانی بەر لە مۆدێرنە جیاواز بووە لەسەردەمی ئێستای مۆدێرنەدا. ترسەکان لەڕابردوودا تەنیا لەچەند بوارێکدا قەتیس مابوون، وەک شەڕو ئاژاوەو نەخۆشی و سیستەمی تۆتالیتاری، بەڵام ترسی ئێستا بووەتە کولتوور. یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی مۆدێرنەو جیهانگیری دووبارە ترسەکان بەشێوازی تازەتر بەرهەم دێنێتەوە. ئەستەمە ترسەکان لەسەردەمی ئێستادا کۆنترۆڵ بکرێن، چونکە بووەتە ستایللی ڕۆژانەی مرۆڤەکان.ترسەکان مەترسی لەسەر ژیانمان دروستدەکەن بەشێوەیەک ترس لەهەموو شوێنێکی ئەم زەمینەدا بڵاوبووەتەوە بەنموونە لەکۆڵانێکی تاریک، یان کاتێ کەسێکی نامۆ لەگەڵت دەژیت بۆماوەیەکی کاتی بەڕێکەوت ڕێی کەوتۆتە لات ، یان لە ناو فڕۆکە کاتێ سەفەر دەکەی بێگومان هەموو کەسێ کاتێ گەشت دەکات بەفڕۆکەو باخیرە هەستی قووڵی ترس دایدەگرێت زۆرجار کەسانی پروادار سرووتەئاینییەکان دەڵێنەوە لەکاتی گەشتەکانیاندا. وەک نوسەری کتێبی فەلسەفەی ترس (لارس سڤێندسن) دەڵێت ئێمە ترسی ئەوەمان هەیە شتەگرنگەکانی ژیانمان لەناوبچن، یان لێمان بسەننەوە وەک ئازادیی و کەرامەت و تەندروستی وپێگەو ناوبانگی. (Svendsen, iras, translate by irons, 2008,p12)
هەر هەمان بیرمەند پێی وایە کە زەوی و هەواو ئاو پیس بووینە هەروەک چۆن تاوان زیادیکردووە و خواردنەکانیش پاک وخاوێن نین. (هەمان سەرچاوە لاپەرە ١٤)

(فرانک فۆریدی) کۆمەڵناسی بەریتانی پێی وایە کولتووری ترس لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو گەڵاڵەبوو ئاماژەی پێشوەختە بوو لەبارەی ئەو نیگەرانی و بارودۆخە ناهەموارەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا ئەوروپیەکان بوویەوە، چونکە کولتوورو ترس بەپێی فۆریدی ئاوێزانی یەکتر بوون تەواو تێکەڵاویی یەکتر بوون. ئەم جۆرە پەرەسەندنە کاریگەریەکی بەرچاوی کردە سەر

ژیانی گشتی کۆمەڵگا. هەروەها ئەو کۆمەڵناسە وایدەبینێ کە گەرمبوونی پلەکانی گەرما و تیرۆری جیهانی و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکان هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە.
Furede, frank, how fear works, 2018, p8)(
لێرەوە ترس وەک کولتوور بووە تەوەرێکی گرنگی کۆمەڵناس و بیرمەندانی جیهان. کاتێ ترس دەبێتە کولتوور ئەوا ئەرکی دەبێتە گواستنەوەی ئەم ترسە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە. بۆیە ترس لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگدانەوەی لەسەر عەقلیەتی و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەبێت، چونکە مرۆڤ لەئێستادا بونەوەرێکی نائارامە بەرانبەر دیاردەکانی دەوروبەری هەمیشە بە ئاگایی و هۆشداریەوە مامەڵە لەگەڵ شتەکان دەکات. ئەم سەردەمە بەسەردەمی ترسەکان ونیگەرانییەکان دەناسرێتەوە کۆمەڵگا پڕیەتی لەترسی ڕۆژانە. بۆنموونە ترس لەسەر ئاستی سیاسی ترس لەڕووی ئاینەوە ترسەکان لەهەموو کۆمەڵگا جیاوازەکان بوونەتە کولتوور.
(باری گلاسنەر) کۆمەڵناسی ئەمریکی پێی وایە کولتووری ترس بەجوانی تێکەڵی بواری ئەکادیمی بووە،بۆنموونە لەنێو کایەی میدیاو ڕۆژنامەگەریەکان بووەتە بابەتی سەرەکی میدیا بەگشتی، بەتایبەتی دوای تەقینەوەکانی یازدەی سێپتێمبەرو هێرشە تیرۆریستیەکان، بۆیە ترس ئیدی بووە کولتوور، چونکە لێکەوتەی نەرێنی هەبوو لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ و چوونیان بۆ قوتابخانەکان لەترسی هەڕەشەی تیرۆر ئیدی لەوێوە سیاسەت دەستی کرد بە بەکارهێنان وترساندنی خەڵک. ئەمە جگە لە ترس لە ڕفاندن وبەبارمتەگرتن و زیادبوونی چەک و چەندین ترسی تر. دەسەڵاتی سیاسی و ڕۆژنامەنوسان و بازرگانەکان و گرووپە بەرگریکارەکان بەگوتەی ئەم کۆمەڵناسە بەردەوام بوون لە بڵاوکردنەوەو ڕژاندنی ترس لەکۆمەڵگادا.هەروەها بانگەشەکاران بێوچان ترسیان بڵاو دەکردەوە بۆ قازانجی سیاسی وکەسی.
(Glassner, barry, 2001,p12)
هەرچەندە جۆری ترسەکان وەک سەرەتا ئاماژەمان بۆکرد بەپێی قۆناغ و هەلومەرجی کۆمەڵگاکان گۆڕانی بەسەرداد‌یت، چونکە هەندێ ترس هەیە پەیوەستە بە کایەی سیاسیەوە ئێمە لەبەشەکانی داهاتوو کار لەسەر ئەم پرسە دەکەین. بەڵام ترس هەمیشە کاراکتەرو فۆرمەکانی حوکم دەسنیشانی مەترسی ترسەکان دەکەن ڕەنگە ئەوترسەی کە لە ئەمریکادا هەیە زۆر جیاواز بێت لەوترسەی کە لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین هەیە. کەواتە سەرباری لایەنی کۆمەڵایەتی کە ڕۆڵێکی گرنگی لەبنیاتنانی ترس هەیە ڕەهەندە سیاسیەکەش بەئەندازەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆڵەی هەیە.

**تەوەری دووەم:**

## ترس وەک بەشێک لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

ئەم تەوەرە کار لەسەر ئەو ئامرازە کۆمەڵایەتیانە دەکات کە وەزیفەیان بڵاو کردنەوەی ترسە وەک کۆنترۆڵ و بەرزەفتکردنی کۆمەڵگا.ترس گرنگترین ئامرازە بەکاردێت بۆ مانەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ڕاگیرکردنی بونیادی کۆمەڵایەتی. هەروەها ئەم ترسە یارمەتی تاک دەدات تاوەکو ئاوێزان بێت لەگەڵ نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگا. کۆمەڵگا لەکۆمەڵێک بەهاو دابونەریت پێکهاتووە، بۆیە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیش کار لەسەر ئەم نۆرم و بەهایانە دەکات تاوەکو بە سەقامگیری بمێننەوە. هەموو کۆمەڵگایەک کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، هەموو کۆنترۆڵەکان لەهەناوی پێکهاتەو سیستەمی کۆمەڵایەتی و شەرعیەتی کۆمەڵگا سەرچاوە دەگرن. ئەوەندەی کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەکە ڕۆڵی هەیە لە ڕێکخستن و

ڕێگرییەکانی کۆمەڵگا ئەوەندە یاساکان کاریگەریان نیە، بەتایبەتی لەکۆمەڵگاکانی بەر لە مۆدێرنە. ئەو ترسە ڕەگی خۆی دادەکوتێ لەناو دابونەرییت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەرکەسێک پێشێللی بکات ڕوبەڕووی سزادانی مادیی ورەمزی دەبێتەوە. (پیتەر بێرگەر) پێی وایە هیچ کۆمەڵگایەک نیە بەبێ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی تەنانەت ئەگەر گرووپێکی بچوکیش بن پێویستیان بە ڕێکخستن هەیە.
(Berger, peter, 2011,p77,)

کەواتە ترس لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بە پلەی یەکەم هەوڵی پاراستنی سیستەمە کۆمەڵایەتی وئاینیەکە دەدات، بۆیە ئەو کۆمەڵگایانەی کەوا هێشتا لە سەردەمی پێش مۆدێرنە دەژین ڕێژەی ترسیان زیاترە لەم کۆمەڵگایانەی لەسەردەمی مۆدێرنە دەژین.ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێ کەسێکی ئەوروپی بەرزەفت وکۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵام کوردێک زیاتر دەترسێ لە پێشێلکردنی دابونەریت وبەها کۆمەڵایەتییەکان لەبەرانبەر ئەوروپییەک، یان ئەمریکیەک. ئەوانیش ڕێساو دابونەرتی خۆیان هەیە ڕەنگە هەندی گرووپ و تایفەی ئاینی زۆر توندڕەویشی تێدابێت ترسیان زۆرە بەرانبەر بە گۆڕانکارییەکان، بەڵام ئەوەندەی یاسا کارپێکراوەکانی دەوڵەت دەیانترسێنێ ئەوەندە بەها کۆمەڵایەتیەکان نایانترسێنێ. بیرمەندی ناودار (مێشیل فۆکۆ) پێی وایە دامەزراوە مەدەنییەکان بەوردی ترس وەک ئامرازێکی بەربڵاو بەکاردێنن بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.ئەو وەسفی ئەو گۆڕانە مێژوویانە دەکات کە بوونە هۆی زیاتر سەروەری دەسەڵات لەئەنجامی بەکارهێنانی توندوتیژیی بۆنموونە لەسێدارەدانی خەڵک بەئاشکرا. هەموو ئەمانە زیاتر بوونەهۆی کۆنترۆڵکردنی زیاتری تاکەکان. ئەگەرچی پێشووتر کۆنترۆڵکردن جیاوازبوو زیاتر پەیوەندی بەسزای جەستەیی هەبوو، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا زیاتر پەیوەستە بە ناسەقامگیری ئابوریی و ڕیسک و کێبڕکێکردنەوە. ترس وەک میکانیزمێک هەمیشە ئامادەگی هەیە لەناو کۆمەڵگەدا بۆنموونە کاتێ باوک منداڵ پەروەردەدەکات هەر لەسەرەتاوە ترس لای دەچێنێ بۆئەوەی پابەندی ستایلی کۆمەڵگاو بەها کۆمەڵایەتییەکان بێت. لێرەوە ترس لە پێشێلکردن ترس لە نەگونجاندنی تاک لەگەڵ کۆمەڵگا دەبێتە هۆکارو پاساوێکی گرنگ بۆ بەردەوامبوونی ئەم ئامرازانەی کەوا سیستەمی کۆمەڵایەتی دووبارە دەپارێزن. لەکوردستانی باشوردا کۆمەڵگە بەڕێژەیەکی ڕەها پابەندە بە ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیەوە. هەردەرچوونێک لەم کۆنترۆڵە ترس لای نەوەی پێشوو دروستدەکات. زۆر جار زمانی ترس و گوتاری ترس لە میدیاو شوێنە ڕەسمەیەکانی دەوڵەت پەخشدەکرێت هەوڵدەدرێت گوتاری ترس بۆ کۆمەڵگا بگوازنەوە ئەمانە پێیان دەگوترێت کۆنترۆڵە فەرمیەکان. هەرچەندە ئەم ئامرازانەی کۆنترۆڵکردنی فەرمی لەسەردەمی دنیای تازەگەری ڕوویاندا، بەڵام پێشووتر وەک ئاماژەمان بۆکرد بەشێوازی تر دەسەڵات وکۆمەڵگا ئەم کارەیان دەکرد. زۆرجار ترس لە تیرۆرو داڕمانی ئابوریی و نەمانی کار چەند هەڕەشەیەکن لەکەناڵە فەرمییەکانەوە دێت. هەروەها لەئێستادا کامێرای چاودێریش وەک ئامرازێکی ترس دادەنرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی چین وتوێژەکانی کۆمەڵ. یەکێک لە جێگرەوە گرنگەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەهێزکردنی بەهای بەرپرسیاریەتییە بەرانبەر کۆمەڵگاو نەوەکاندا لەگەڵ چاندن و نەشوناماکردنی ئینتیمای نەتەوەویی و نیشتیمانییە، هەروەها ئەلتەرناتیڤێکی تری دروستبوونی هۆشیاریەکی خودیە، کە هانی تاک بدات پابەندی یاسا کارپێکراوەکان بێت بەبێ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقین. ترس ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەدروستکردنی تاک لەکۆمەڵگادا، هەروەها هەمدیسان ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت لە پاراستنی سیستەمەکەو ڕێگریکردن لە لادانی کۆمەڵایەتی وەک باسمان کرد هەر لەدێر زەمانەوە کۆمەڵگاکانی بەر لەمۆدێرنە پەنایان بردووە بۆ بڵاو کردنەوەی ترس وەک ترس لە

سزای دوایی و خواوەندەکان و کارەساتە سروشتیەکان بەمەستی پابەند بوونی تاک بە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان. کۆمەڵناسی وەک زانستێکی سەردەم ترس بەئامرازێکی کاریگەر دادەنێت بۆ کۆنترۆڵ و ڕیکخستنی کۆمەڵگاو مانەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی. هەندێ جار ترسەکان وەهمین دەسەڵاتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکە بەکاریدێنن وەک ترسێک بۆ تێک نەچوونی دۆخەکە. هەندێ جار ڕاستەقینەن ڕەنگە هەڕەشەکانی تیرۆرو کەوتنی ئابوریی و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان و هەڵگیرساندنی شەڕەکان تایبەتمەندیی ترسی ڕاستەقینەبن ئەم جۆرەش هەردەسەڵاتەکان دروستی دەکەن بۆئەوەی کۆمەڵگا دووبارەکۆنترۆڵ بکەنەوە.

## تەوەری سێیەم: ترس و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سەرنجێک لەسەر کۆمەڵگای کوردی

ئەم تەوەرە کارکردنە لەسەر ئەوترسانەی کە تاکی کورد لە سەرەتاوە کۆمەڵگاکەی لەسەر بنەمای ترس و نیگەرانی پەروەرەدەکات. پرۆسەی پێگەیاندن و بەکۆمەڵایەتی بوونی تاک زۆر ئاڵۆزە بەشێوەیەک زیاد لەرێگاو شێوازێک هەن بۆ پەروەردەکردنی تاک، بەڵام هەرکۆمەڵگایەک دەستورو بنەمایەکی کۆمەڵایەتی هەیە تاک پێوەی پابەند دەبێت. پرسیار ئەوەیە ئایا پێگەیاندني کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی لەسەربنەمای ترس دامەزراوە، یان بژاردەی تاکەکان؟ هەوڵدەدەم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە لەڕوانگەی تیۆرو مەنهەجیەتی کۆمەڵناسیەوە. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ناسنامەو ئاراستەو هەڵسوکەوتەی تاک دەسنیشاندەکات لەئایندەدا، بۆیە پەروەردەکردنی تاک زۆر گرنگە بۆ ئایندەی کۆمەڵگاکان. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی بەردەوامی نەوە یەکدوایی یەکانە کە بەهۆیەوە تاک مەعریفەو بەهاو ڕەفتاری کۆمەڵایەتی وەردەگرێت بۆئەوەی بۆئەوەی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ کۆمەڵگاکەی. پێگەیاندن پرۆسەیەکی فرە ڕەهەندە هەر لە خێزانەوە دەستپێدەکات تاوەکو قوتابخانەو مزگەوت و کەنیسەو دامەزراوە ئاینییەکان و چەندین کایەی دیکە. چاندنی ترس هەر لەڕێگای ئەم پرۆسەیە دەستپێدەکات، چونکە پەروەردەکردنی تاک لەڕیگای ئەم دامەزراوانە گەشەدەکات و دواتر دەبێتە ئەندامێکی خۆماڵی ئەم کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژیت. کۆمەڵگای کوردی لەڕێگای خێزان و قوتابخانەو گەڕەکەکان و مزگەوت و زانکۆ و هاوڕێ و شوێنە گشتیەکان تاکەکانی پەروەردەدەکات. ئەوەی کە گرنگە بۆ پەروەردەی تاکی کورد پابەندبوونیەتی بە دامەزراوە ئاینیەکانەوە ئەم جۆرە پەروەردەیە سەرەتاو کۆتایی ئاراستەو مەیلی تاکەکانە. هەرچەندە ڕێگاو دامەزراوەی دیکەش هەن ڕۆڵیان هەیە لە پێگەیاندنی تاک وەک میدیاو حیزب و ڕێکخراوی دیکە، بەڵام لەهەمویان کارگەرترو باوتر پێگەیاندنی تاکە لەسەر بنەمای ئایین. ئەگەرچی پێشتر ئاماژەمان بۆکرد کەوا دامەزراوەکان دەبنە هۆی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی. بەڵام پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و نەرێنی تاک دیاریدەکات خراپ و چاکی مرۆڤ دەسنیشاندەکات لە داهاتوودا. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ترس لای تاکی کورد دروستدەکات وای لێدەکات بیرنەکاتەوە ئەگەر بیریشی کردوە ئەوا پێویستە دووبارە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕیتمی جاران دووبارە بونیاد بنێتەوە نەوەک گومان و پرسیار، بۆیە هەر لەسەرەتاوە تاک بەشێوەی ترس گۆشکرایە ئەم ترسەش ڕێگری دەکات لە گۆڕانکاری خودی و توانا بێوینەکانی گەنجان وئەوانەی خوازیاری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیین. پەروەردەی کورردی منداڵ ڕادێنێ لەسەر ترس وای لێدەکات کەسێتیەکی تێکشکاو و نیگەرانی هەبێت بۆنموونە هەر لەسەرەتاوە ڕێگای دۆزەخ و بەهەشت نیشانی منداڵ دەدات بە گوتنەوەی وانە کلاسیکییە بەسەرچووەکان ئەمە لەڕووی دەرونیەوە ئەوپەڕی نەنگی و شکستە بەرانبەر پەروەردەی منداڵان. چونکە منداڵ تەمەن و جیهانێکی تایبەتە هێشتا

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

لەواتاکانی ژیان نازانێت، پێویستە منداڵ جیهانی خۆی ببینێ نەوەک ئامۆژگاری بکرێ بە چاندنی ترس و نیگەرانی. کەواتە ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییە پێشوەختە مرۆڤ لەسەر ترس پەروەردەدەکات.لەکۆمەڵگاکانی بەر لەمۆدێرنە، یان ڕاستر لەکۆمەڵگای کوردی ترس لەبونیادو پێگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکە وەک ئاراستەیەکی ئەرێنی هەژماردەکرێ. چونکە کۆمەڵگا ترسی هەیە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە ئاقارێکی خراپ ببردرێت. بۆ نموونە بەکاریگەری دنیای دەرەوە چەندین ڕووکاری گۆڕانکاری سەریانهەڵدا. کۆمەڵی کوردی لەم گۆڕانکاریە دەترسی کەوا دنیای دەرەوە هێناویەتیە ناو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان ئێمە لەبەشی ترس لە پرۆژەکانی مۆدێرنە باسی ئەم ترسە دەکەین. بەشێکی زۆری کۆمەڵگا، بەتایبەتی چینی پارێزەروموحافیزکاران پێیان وایە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پێویستە هەمان کولتوورو بەها بنیات بنێتەوە نەوەک پێگەیاندنی مۆدێرنەو دنیای دەرەوە. بۆیە ترسی نەوەی پێشوو ترسە لە یاخیبوون بەئاراستە گۆڕینی نەریتە کلاسیکییەکان ترسە لە دەرچوونی نەوەی تازە لە دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان، هەرچەندە سیاسەتیش بەئاراستەی کۆمەڵگاو گرووپی موحافیزکاران کاردەکات، بەڵام دەسەڵاتیش لەڕێگای هەندێ کەناڵی فەرمییەوە هەوڵی ترازانی نەریتەکان دەدات، بەڵام ڕووکەشەو دوورە لە گۆڕانکاری ئەقڵانی. هەرگۆڕانکاریەک خواستی تەواوی کۆمەڵگای لەسەرنەبێ کاتیەو زوو بەسەردەچێ. یەکێک لەفاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ئەم ترسە پەیوەستە بە ناکۆکی نێوان بەها کۆمەڵایەتی و خێزانیەکان لەگەڵ ئەو بەهاو ئاراستانەی، کە تاک لەڕێگای سەرچاوەی تری وەک سۆشیال میدیاو ئەزموونە کەسیەکان بەدەستی دێنێت. ئەمەش وادەکات ناکۆکیەکان قووڵتر ببنەوە، بەتایبەتی لەنێوان هەردوو نەوەدا ڕەنگە گەنجان زیاتر دەستکەوتی کەسی و زانیاری زیاتر بەدەست بێنن. بەڵام زۆربەی بیرکردنەوە تازەکان وەک باسمانکرد ڕووبەڕووی پەرچەکرداری سیستەمی خێزان و دابونەریتەکان دەبێتەوە.ئەگەرچی کۆمەڵی کوردی ترسی هەیە لەو گۆڕانکاریە خێرایانەی کە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییدا دێتە ئاراوە، بەڵام هێشتا دەستی گرتووە بە بەها کلاسیکیەکانەوە. نەوەی پێشوو وای دەبنیێ ئەو گۆڕانکاریانە کاریگەری نەرێنی بەسەر ناسنامەی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی جێدێڵێ وای لێدەکات لەشوێنگەی خۆی ڕابکات، یان ئینتیما کۆمەڵایەتی و ئایینی و نیشتیمانیەکانی لاگرنگ نەبێت.بەڵام نەوەی تازە خواستی ئەوەی هەیە کۆمەڵگای کوردی قبووڵی پرۆژەکانی مۆدێرنە بکات. کۆمەڵگا لە قۆناغی بەر لە مۆدێرنە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی مۆدێرنە. کۆمەڵی کوردی تاک بونیاد نانێت لەسەر بنەمای بژاردەو ئارەزووەکان، بەڵکو بنچینەی ترس لەنێو کەسایەتی تاکی کورد دروستدەکات بۆئەوەی ویست وتوانا مادیی و مەعنەویەکان لێبسەنێتەوە بیکاتە کارەکتەرێکی مەلکەچ و ترساو بەرانبەر گۆڕانکاریەکان و حەزو خولیاکانیدا. بۆیە هێشتا پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا لەسەر بنەمای ترس کاردەکات نەوەک ئازادی هەڵبژاردن هەمیشە ترسەکان دووبارە بەرهەمدێنێتەوە لەنەوەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە ئەم ترسانە دەگوازێتەوە لەڕێگای دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە. ترس وپێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سەرچاوەی سەرەکی نەشونماکردنی ترس و نەهێشتنی ترسە. چونکە هەموو کۆمەڵگا بەهۆی پێگەیاندنەوە دەبێتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و چالاک لەکۆمەڵگادا. کۆمەڵی کوردی تائێستاش لەسەر بنەمای کەلەپوورو کولتووری کۆن مرۆڤ پەروەردەدەکات. ئەم پەروەردەیەش زۆرترین ترس و توندوتیژی هێمایی تێدایە. هەروەها ئەم جۆرە پێگەیاندنە ئاینی و کۆمەڵایەتییە مرۆڤ فێرە چاونەترسی و بوێری ناکات. توانای ڕووبەڕووبونەوەو ڕیسکی نیە لە ژیاندا، هەروەها وزەی گەنجان بەفیرۆدەدات بۆ بەرژەوەندی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە. گەنجان لەنێو نیگەرانییەکی توندی دەروونی و بوونگەرایی دەژین. ئامرازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی هەر لەخێزانەوە تا هەرەمی

سەرەوە ترس بەرهەم دێننەوە. لەقوتابخانەو دامەزراوەکانی دیکە هەمدیسان ترس و توندوتیژیی هێمایی بەرانبەر بە تاکی کوردی بوونی هەیە. هۆکاری سەرەکی مانەوەی ئەم جۆرە ترسە بەردەوامبوونی جۆری پێگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکەیە. مرۆڤ لەهەرکوێ بێت کوری ژینگەکەی خۆیەتی، بۆیە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و ئامرازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە کەمبوونەوەو زیادبوونی ترس.

**تەوەری چوارەم:**

**ترس وسیاسەت**

ئەم تەوەرە کارکردنە لەسەر ئەم جۆرە ترسانەی کەوا سیاسەت و سیاسیەکان بە درێژایی مێژوو درووستیان کردووە بۆ ترساندنی کۆمەڵگا.هەرچەندە ئەمە دوولایەنی هەیە ترسێک هەیە کۆمەڵگا خۆی ئارەزووی کاری سیاسی ناکات، بەڵام دواجار هەر سیاسەتە بەرهەمی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە، لایەنێکی تری پەیوەستە بەخودی فۆرمی حکومەت و ئیدارەدانی کۆمەڵگا لە ڕێگای ئایدۆلۆژیا سیاسیەکانەوە. سەرباری ئەوەی ترس بەپێی فۆرمی حوکمداری دەگۆڕێت بۆنموونە لە سیستەمە تۆتالیتاریەکان ترس سەرتاپای کۆمەڵگای داگیرکردووە، بەڵام ترس لەسەردەمی مۆدێرنەو دنیای تازەگەری جیاوازە سیاسەت بەفۆرم و ڕێگای جیاواز ترس لەناو پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکاتەوە. کۆمەڵناسی بەدوای ئەوەدادەگەرێت کەوا چۆن ترسەکان کاریگەریان لەسە پێکهاتەی کۆمەڵگاو ڕەفتاری تاکەکان هەیە بۆنموونە (ماکس ڤیبەر) پێی وابووە کە دەسەڵات ترس بەکاردێنێت بۆ مانەوەی دۆخەکە بەسەقامگیری. ترس بەبنەمای سەرەکی شارستانیەتی مرۆڤایەتی دادەنرێت. هەر ئەم ترسەش وایکردووە مرۆڤ پەرەبەخۆی بدات، هەروەها ئەم ترسە هانی مرۆڤ دەدات ماڵ و کەلوپەل وئامرازو چەک و دامەزراوەی هونەری و ئایینی هەبێت. زۆرێک لەتوێژینەوەکان ئاماژە بە ڕەگوریشەی ترس دەکەن بەوەی کەوا مرۆڤ لەڕەگەوە ترسی هەیە ئەم ترسەش بەگوتەی توێژەران بە ترس لە هەورەبروسکە ورەشاباو گەوارە دەستی پێکردووە.ئیدی لێرەوە ڕیشەی ترسی مرۆڤ دەستی پێکرد.لێرەوە ئەم بۆچوونە پێماندەڵێت کەوا ڕەگوریشەی ترس لە سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە. چونکە مرۆڤی سەرەتایی ترسی هەبووە لەسروشت، بۆیە خۆی پاراستووە لە مەترسییەکان. بەڵام بۆچوونێکی دیکە هەیە پێی وایە ترس لەئەنجامی فاکتەرە دەرەکییەکان و بابەتییەکانەوە نیە، بەڵکو مرۆڤ ترسی لەمرۆڤی تر هەیە بەمانایەکی دیکە ترسەکان کارلێککراوە لەئەنجامی پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان گەشەدەکات. هەر ئەم ترسەش لەیەکتر بەگوتەی (تۆماس هۆبز) بووە هۆی سەرچاوەی دروستبوونی کۆمەڵگاو گرووپەکان.

(Svendsen,lars, 2007, p- 102)

ئەگەرچی (تۆماس هۆبز) ترسی گرێداوە هەم بەسروشتی مرۆڤ هەم بە سیاسەتەوە بەوەی هەرکەسێک ترس لەناو کۆمەڵگادا لەڕێگای توندوتیژیەوە زاڵ بکات ئەوا کۆمەڵگا بەتەواوی کۆنترۆڵدەکات. هەروەها هەر لەڕێگای ترسەوە ئاشتی بەرپادەبێت.

(Hobbes, thomas, 1983, p58)

ئەو بۆچوونە پێماندەڵێت (هۆبز) سروشتی مرۆڤی بە خراپە وەسفکردووە، چونکە مرۆڤ بەدوای قازانجی خۆی دەگەڕێت نەک خۆشەویستی یەکتر وهاوڕێیەتی یەکتر، بۆیە مرۆڤەکان یەکسان نین لەگەڵ یەکتر تەنیا سیاسەت و پەیوەندییە سیاسیەکان ئەم کۆمەڵگایە ڕێکدەخەن لەغیابی ترسدا مرۆڤەکان بەلای هەژموونگەریی و باڵادەستی هەنگاو دەنێن. بۆیە لەڕێگای توندو تیژیی دەوڵەت هەژموونی بەسەر بەردەوامی کۆمەڵگا دروستدەکات. ترس توخمێکی سەرەکی کولتووریی و سیاسییە ئەم ترسەش لەگەڵ

زاڵبوونی شەپۆلی نەتەوایەتی دەرکەوت. بۆیە ترس ئامرازی هێزە بۆ هەژموونگەریی. بۆیە مرۆڤ ناتوانێ لەترس دووركەوێتەوە یان خۆی لێ لابدات.ترس لەسیاسەت کۆمەڵگا بەهۆی سۆزمەندی و عاتیفەوە پابەندی یاساکان نابێت، بەڵکو لەڕێگای ترسەوە پابەندی ڕێساو یاساکانی کۆمەڵگا دەبێت. هاوکات هەربەهۆی ترسیشەوە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەپارێزێت.
کەواتە ترس ئەو هەڵچوون و سۆزمەندییە، کە پێویستە لەنێو سیاسەتدا لەبەرچاوبگیرێت. کۆمەڵناسی بەریتانی (فرانک فۆریدی) لەتوێژینەوەیەکدا بەناوی (سیاسەتی ترس) ئاماژە بەوەدەکات کەوا سیاسەت لەلایەن خەڵکەوە ڕووبەرووی نارەزایی بووەتەوە. هەروەها ئەو کۆمەڵناسە بەدرێژی باسی ئەو بێزاریی و ترسەی کردووە لەسیاسەت و پارتە سیاسیەکان کە لەبەریتانیا بوونی هەیە.بەشێوەیەک متمانەیان لەدەستداوە، هەروەها واتاو ئامانجەکانیشی لەدەستداوە بەرانبەر بە کۆمەڵگا.(فۆریدی) کاری لەسەر ئەوەکرد کەوا چۆن ترس بەڕێکخراویی زاڵ بووە لەناو کۆمەڵگادا. هەورەها ئەو کۆمەڵناسە ئەوەی سەلماند کە ئێمە لەسەردەمی کولتووری ترسدا دەژین کاتێ دەسەڵاتی سیاسی بیانوی بەهێز دەداتە خۆی بۆ ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵگا لەجیاتی ڕوانینێکی ئەرێنی بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگا.
( frank furedi, Politics of fear,2005,p 1-2)
هەرچەندە ترس لەسیاسەت و سیاسەتی ترس لەیەک جیاوازن، بەڵام لەزۆر شوێندا یەکدەگرنەوە بۆنموونە بەکارهێنانی توندوتیژی، یان هەڕەشەی تیرۆریزم کۆمەڵگا دەترسینێ، چونکە لەسەربنەمای ترس کاردەکات بۆ کۆنترۆڵکرنی خەڵک. سەرنج بدە لە سیستەمە تۆتالیتاریەکاندا ترس بەشێوەی فراوان بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنرێت وەک هانا ئارێنت لەکتێبی بنەماکانی تۆتالیتاریزم ئاماژەی بەوە کردووە کەوا تیرۆرو هەڵمەتی پرۆپاگەندە وەک دووڕووی یەک دراو بەیەکەوە پەیوەستن هەرکە تۆتالیتاریزم دەسەڵاتی ڕەهای پەیداکرد پرۆپاگەندە بەتەلقینی بیروباوەڕ دەگۆڕێتەوە توندو تیژیش زیاتر بۆ بەدیهێنانی بیرو باوەڕو ئیدۆلۆژی خۆی کاردەکات، هەروەها خەڵک لەم بارەیەوە دەترسێنێت. (ئارێنت،هانا، ٢٠٠٧ بنەماکانی تۆتالیتاریزم، وەرگێرانی حمە ڕەشیدا لاپەرە ١٤٣
(میخائیل باختین) پێی وایە چرکەساتی دروستبوونی هەر هێزێکی دنیایی لەڕێگای (توندوتیژیی و سەرکوتکردن و ساختەییەوەیە) هەروەها ترساندنی بەفیرۆدراوان وبێبەشەکانە. هەروەها وای دەبینێ لەژێر سایەی هەردوو سیستەمی تۆتالیتاریی نازیەکان وشوعیەکاندا لەسەدەی بیستەمدا پەیوەندییەکی پتەو هەبوو لەنێوان دەوڵەت و ترساندنی چەوساوەکاندا. (باومان) هەر لەم بارەیەوە پێی وایە تایبەتمەندیی جیاوازی سیستمە تۆتالیتاریەکان لەسەدەی بیستەمدا تاکەکانی ملکەچ کردووە لەمیانی ئەو ترسەی کەوا دەوڵەت چاندبووی لە نێو دڵی خەڵکدا. ئەو ترسەش بەڕای ئەم کۆمەڵناسە ئەم جۆرە تیرۆرو تۆقینەی جەماوەر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بوو دوور لەلۆژیک لەلایەن سیستەمە تۆتالیتارییەکان پیادەدەکرا.
(Bauman, Zygmunt, 2006, p163)
پرسیار ئەوەیە ئایا چرکەساتی گەشەکردنی سیستەمە دیموکراتییەکانیش هەمان سیناریۆ نیە بۆ دروستبوونی دەسەڵات،یان بەپێچەوانەی سیستمی تۆتالیتاری تەنیا لەکاتی پێویست ترس و تۆقین بڵاودەکاتەوە. پێم وایە لەهەردوو سیستەمەکەدا بەڕێگاو ڕێژەی جیاواز ترس بەکاردێنن. لەنێو سیستەمی دیموکراسیشدا دەسەڵات دووبارە ترسەکان بەشێوازێکی تازەتر بەسەر کۆمەڵگا دەسەپێنێت، چونکە بازاڕی ئابوریی و پرسە ئابووریەکان دەبنە

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

هۆکارێک بۆ بڵاو کردنەوەی ترساندنی چینی هەژارو نەخۆش و کەمدەرامەتەکان. بۆیە بەترس لەهەموو سیتەمێکی سیاسی بوونی هەیە بەڕێژەو ڕێگای جیاواز. ترس ئەگەر لەسەردەمێکی دیاریکراوا ڕێژەکەی کەم بێتەوە، بەڵام دواتر قورستر لەجاران دووبارە سەرهەڵدەداتەوە وەک لە پەڕاوێزخستن و ترس لە هەژاریی و چەندین جۆری تر.
لێرەوە وەک سەرەتا باسمانکرد جۆری ترسەکان بەپێی فۆرمی حوکمداری گۆڕانی بەسەرداێت، هەروەها ترس و تۆقین لە هەناوی سیستەمە تۆتالیتاریەکان زیاترە لەبەرانبەر سیستەمەکانی دیکە.ئەگەر بەوردی سەیری واقعی کۆمەڵگای کوردی بکەین لەباشور دەبینین فۆرمی ترسەکان جیاوازن زۆرێک لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان تخونی سیاسەت ناکەون و ئینتیما دروست ناکەن پێیان وایە سیاسەت زیان بە یەکسانی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ. هەمیشە چینێتک بەسەر چینەکەی تر زاڵدەکات، هەروەها بەهۆی سیاسەتەوە کەلێنی ئابوریی وکۆمەڵایەتی زیاتر بووە. هەرچەندە ترس لەسیاسەت لەکوردستاندا پەیوەندی بە ئەزموونی ڕابردووی سیستەمەکان و بونیاتی کۆمەڵایەتیِ کۆمەڵگای کوردیەوە هەیە، بەڵام ئەم جۆرە ترسە دەرهاویشتەی وەڕسبوونی کۆمەڵایەتی و نامۆبوونی مرۆڤەکانە لەبەرانبەر نادادیی کۆمەڵایەتی و زیادبوونی ڕێژەی بێکاریی ونەبوونی ئازادیەکان و بەدینەهێنانی خواستی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان. سیاسەتی ترس لەکوردساندا بەچەندەها شێواز پیادە دەکرێت وەک نیشاندانی مەترسی تیرۆرو سەرهەڵدانەوەی گرووپە توندڕەوەکان ودووبارە تەشەنکردنی نەخۆشی و ڤایرۆسەکان. هەروەها فۆرمی نمایشی چەک یەکێکی دیکەیە لە بڵاوکردنەوەی ترس، بەتایبەتی کاتێک نارەزاییەکان دەگەنە ترۆپک دەسەڵات هەوڵی کپکردنەوەی نارەزاییەکان دەدات بە نیشاندانی هێزی سەربازی. دووبارە مەترسی گرووپە توندڕەوەکان وتیرۆریزم و نەخۆشیەکان لەدنیای ئەوروپاو ئەمریکاشدا بەقووڵی ڕەگی داکوتاوە. بۆنموونە کۆمەڵناس و مێژوونوسی ئەمریکی (پیتەر ستیرن) لە توێژینەوەیەکدا بەناوی (ترس لەئەمریکادا) پێی وایە خودی ئەمریکا لەئێستادا ترسی لەدەستدانی کۆنترۆڵی هەیە بەهۆی هەڕەشەی بیانیەکان و بێتمانەیی حکومەتیِ خۆماڵیەوە.هەموو ئەوجۆرە ترسانە بەگوتەی ئەو توێژەرە ڕەنگدانەوەی لەنێو پەیوەندیەکۆمەڵایەتییەکان و کارکردندا هەیە. هەردوو حیزبی کۆماریی و دیموکراتی کار لەسەر ترساندنی کۆمەڵگا دەکەن بەڕێگاو پاساوی جیاوازەوە. سیاسیەکانی ئەمریکا پێیان وایە ترس بنەماو بنچینەی یەکانگیری نەتەوەییە. (StearNS,petern, American fear, 2006-p4)

## چەند سەرنجێک لەبارەی سیاسەت وترس

وەک سەرەتا ئاماژەمان بۆکرد ترس لەنێو کایەی سیاسیدا بەدوو ئاراستە کاردەکات ئەوانیش سیاسەتی ترس و ترس لەسیاسەتە. هەموو سیاسیەکان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان ئەم جۆرە ترسانە دەوروژێنن بەئامانجی بردنەوەیان لەهەڵبژاردنەکاندا. لەکۆمەڵگای کوردیدا هەم ترس لەسیاسەت هەیە هەم سیاسەتی ترس پیادەدەکرێت. ئەوەی کە دەمەوێ جەختی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە کە، باوەڕی کۆمەڵگاو سیاسەتی ترس کارەکانی یەکتر تەواو دەکەن، چونکە ئەستەمە لەژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و سروتیدا کۆمەڵگە ترس بنیات نەنێت. بۆیە کۆمەڵگاو سیاسەت لەکوردستاندا بەیەکەوە ئەرکی ترس بەجێدەهێنن. وەک پێشتر باسمانکرد سیاسەت لەڕێگای توندو تیژی و بڵاوکردنەوەی ترسەوە خۆی دووبارە بەرهەم دێنێتەوە بەئاراستەی زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگادا. سەرنج بدە زۆر جار لە قەیران و کێشە ئاڵۆزەکاندا سیاسەت دەست دەکات بە دروستکردنی دوژمنی وەهمی و

نیشاندانی ستەمی ئەوانی دیکە، یان وروژاندنی هەستی نەتەوەیی بەرانبەر ئەوانی دیکە. یان زۆرجار مەترسی گرووپە توندڕەوکان نیشانی ڕای گشتی دەدەنەوە بۆئەوەی کۆمەڵگا دووبارە کۆنتڕۆڵ بکرێتەوە. ئەم جۆرە فۆرمە لە وڵاتە ئەوروپییەکانیش پیادەدەکرێ بۆنموونە نیشاندانی مەترسی ئایینە توندڕەوەکانی وەک داعش و حیزبە ئیسلامییە توندڕەوکان و کۆمۆنیستە چەپەکان هەموو ئەمانە بەشێکن لەسیاسەتی ترس. دەسەڵات بەدرێژایی مێژوو کاری لەسەر کردووە. بەڵام ئەوەی گرنگە بەبێ ڕەوشی کۆمەڵایەتی سیاسەتی ترس دروستنابێت، بەمانایەکی دیکە ئەوە ژینگەی کۆمەڵایەتییە ئەم جۆرە ترسانە بەرهەم دینێتەوە بەهاوبەشی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری. هەندی جار دەسەڵات لەڕێگای کێشەو قەیرانە ئابورییەکان دووبارە هەژموونی خۆی بەسەر کۆمەڵگا دەسەپێنێت. هەروەها لەڕێگای ڕاسیزم ورەگەزپەرستییەوە ترس بڵاو دەکاتەوە دووبارە دەسەڵات بونیات دەنێتەوە. نموونەیەکی زیندووی ئێستا بڵاوکردنەوەی نەخۆشیە کوشندەکان و ڤایرۆسە ترسناکەکانە کە لەرێگایەوە دەسەڵات هەژموونی خۆی دووبارە بەسەر کۆمەڵگا دەسەپێنێت بەشێوەیەک ڕێوشوێنی توند دەگرێتە بەر بۆ دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی کۆمەڵگا لەڕێگای کەناڵە فەرمی و نافەرمیەکانییەوە. ترس لە تیرۆر وەک ئاماژەمان بۆکرد دەبێتە باشترین چەک بۆزیاتر هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر کۆمەڵگادا. چونکە مەترسی تیرۆر خەڵک دەترسێنێت لەکۆمەڵگادا.هەرچەندە ترس وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد لەناو کۆمەڵگا ڕوودەدات مرۆڤ ترسی هەیە،بەڵام سیاسەت دەتوانێ ڕۆڵی زۆر بگێرێت هەم بۆ کەمکردنەوەی ترسەکە هەم بۆ زیادبوونی ترسەکە، بۆیە تەنیا سیاسەت نییە ترسەکان دەستنیشاندەکات، بەڵکو ترس پێشوەختە بوونی هەیە لەنێو سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگادا. هیچ سیاسەتێک بەبێ سەپاندنی هەژموونی ئایدۆلۆژیی خۆی سەرکەوتوو نابێت، بەتایبەتی لەکۆمەڵگا تازە گەشەکردووەکاندا. بۆئەوەی پایەکانی حوکمڕانی پچەسپێنێت پێویستی بە بڵاوکردنەوەی ترسە، بۆیە هەمیشە سیاسەت پەیوەستە بە بوونی ترسەوە. وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد کەوا ترس ئامرازێکی کاریگەرە بۆ بەرزەفت ورێکخستنی کۆمەڵایەتی ئەواش سیاسەت ترس دەکاتە ئامرازێک بۆ بەجێهێنانی ئایدیاو بەرنامەکانی.

**تەوەری پێنجەم:**

**ئێمەی کورد لەچی دەترسین؟**

سەرەتا ئاماژەمان بۆئەوەکرد کورد چی وەک نەتەوە چی وەک کۆمەڵگا لەڕوودانی دیاردە نەخوازراوەکان دەترسێ، هەروەها لە ئایندە دەترسێ بەوەی کورد وەک نەتەوەو کۆمەڵگا بەر شەپۆلی گۆڕانکاریەکان دەکەوێت، یان وەک خۆی دەمێنێ. ترس بەبۆچوونی توێژەر هەمیشە دەمێنێ، بەڵام بە شێوەی جیاواز لەنێو سەردەمێکی جیاوازتر لەجاران بەڕۆکی مرۆڤی کورد دەگرێتەوە وەک چۆن ڕووبەڕووی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبێتەوە. زۆربەی ئەو ترسانەی کە کورد لێی دەترسێ لەئێستاو داهاتوودا تێکچوونی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاسایش وسەقامگیریە ئەمە جگە لە و گۆڕانکاریانەی کەوا ڕوویان لەکوردستان کردووە، بەتایبەتی هۆکاری دەرەکی و پرۆژە گەورەکانی مۆدێرنەو جیهانگیری. کورد دووبارە لە هەژموونی جیهانی مادیی و بەرژەوەندییەکان دەترسێ بەئاراستەی گۆڕانکاریی لە بیرکردنەوەو هەڵسوکەوت ورەفتاری کۆمەڵایەتی. کورد وەک میللەت هەمدیسان لە هەژموونی تاکێتی و دوورەپەرێزی مرۆڤەکان دەترسێ. بونموونە ئەم جۆرە تاککەراییە وای لەکورد کردووە پێکهێنانی خێزانی لاگرنگ نەبێت، بەتایبەتی توێژی گەنجان و لاوان. خۆئەگەر تاککەرایی لەسەربنەمایەکی ئەقلی بێت ئەوپەڕی ئازادیە مرۆڤ ژیان و ئارەزووەکانی

بەدیبهێنێت،بەڵام ئەگەر فیکری کۆمەڵایەتی لەڕەگەوە نەگۆڕێت ئەوا ئەم جۆرە تاکگەراییە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی وبونیادی کۆمەڵگا تێکدەدات.

کورد وەک مێژوو پێماندەڵێت ئەزموونێکی تاڵی هەیە لە شەڕو دەربەدەریی وئاوارەیی هەموو ئەم دیاردە نێگەتیفانە وای کردووە تاکی کورد لە نیگەرانییەکی قووڵ بژیت بەزەحمەت ڕوو لە گۆڕانکاریە کولتووریەکان دەکات هەمیشە وەک کاراکتەرێکی موحافیزکار دەردەکەوێ. هەمدیسان زۆربوونی بیانی و هەڵوەشانەوەی خێزان وەک پێشتر باسمانکرد جەند جۆرێکی ترسن کورد بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات. ڕاهاتنی گەنجان بە مادە هۆشبەرەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو جۆرەکانی ئەم دیاردە نامۆیە وای کردووە کورد ترسی ئەوەی هەبێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەی گشتی لێک هەڵوەشێنێتەوە. چونکە ئەم کەیسە وای لەنەوەی گەنجان کردووە ئاڵودەی بن، زانراوە کە مرۆڤ ئاڵودە بێت کاتی زۆری دەوێ تاکوو دەستبەرداری دەبێت. بۆیە بازرگانی کردن بە مادە هۆشبەرەکان بووەتە کەیسێکی باو لەکۆمەڵگادا ئەمەش بەتەنیا پرسێکی تاکەکەسی نیە بەڵکو لەسەرووی تاکەوە کاری لەسەردەکرێت بەرپرسەکان تێوەگلاون لە مەمەڵەکردن بازرگانی مادە هۆشبەرەکان ئەگەر ئەم دیاردەیە بنبڕ نەکرێ کارەسات ومەترسی لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان لەئایندەدا دروستدەکات. وەک وەبیرهێنانەوەیەک تاوەکو کێشەی هەژاریی و نەخۆشیەکان و کەلێنی چینەکان چارە نەکرێن ئەم دیاردانە بەردەوام دەبنە هەڕەشە لەسەرئایندەی کۆمەڵگاو کولتوورەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت لەکاڵبوونەوەی ئەم دیاردانە بەئاراستەی گۆڕینی کەسێتی و چاندنی ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی تەندروست.

نەخۆشیە دەروونی جەستەییەکانیش هەمدیسان چەند پرسێکن ڕۆژانە ڕێژەیان بەرزدەبێتەوە. نەخۆشیە دەروونییەکان هەڕەشەی جدین لەسەر کۆمەڵگا، چونکە بەراورد بە ڕابردوو ڕێژەکەی لەزیادبوونە ئەمەش مەترسی دروستدەکات. زۆرن ئەوترسانەی کەوا لەئێستاو داهاتوو بەرۆکی کوردی گرتووە جگە لەم نموونانەی سەرەوە ترس لەخواردن جۆرێکی تری ترسە لەئێستادا ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی بووەتەوە. بەجۆرێک زۆربەی نەخۆشییەکان بۆ خواردنی ناتەندروست دەگەڕێتەوە. فاست فوودەکان خواردنی دیلیڤەریی و چەندین جۆری تری خواردن لەچێشتخانەکاندا هۆکاری زیادبوونی چەندین جۆری نەخۆشیە.

گۆڕانکاریەکانی سەردەم کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کۆمەڵی کوردی هەیە بۆنموونە گۆڕانی لەناکاوی کەش و هەواو پیسبوونی ژینگە زیادبوونی نەخۆشیە کوشندەکان و ڤایرۆسە بکوژەکان کۆمەڵێک پرسن تاکی کوردی لێی دەترسێ. نەبوونی ئازادیی فیکرو ئازادیەکانی دیکە هەمدیسان کۆمەڵێک پرسن کورد ڕووبەڕووی دەبێتەوە. زیادبوونی توندوتیژیەکان و تیرۆر و کاری توندڕەویی هەمدیسان کورد چی وەک کۆمەڵگا چی وەک نەتەوە لێی دەترسێ بۆنموونە ترسی ئەوەی هەیە دووبارە کورد ئاوارە بکرێتەوە، یان دووبارە ئەزموونی تاڵی شەڕو ئاژاوە ببینێتەوە. هەرچەندە توندڕەویی و توندوتیژییەکان تەنیا تایبەت نیە هۆکاری دەرەکی، بەڵکو پەیوەندی بە ناوخۆشەوە هەیە وەک زیادبوونی توندوتیژی خیزانی و ڕەگەزیی و فرە ئاراستەی سیاسیی وفرە نەتەوەی جیاواز. ترسێکی دیکە ئەوەیە کورد لەناوخۆی یەکانگیرو هاورانییە، بەتایبەتی لەبواری سیاسیدا، چونکە کێشمە کێش و ناکۆکی لەکۆمەڵگاکانی بەر لەمۆدێرنە سەردەکێشێ بۆ شەڕو دووبەرەکی و لێکترازانی کۆمەڵایەتی و سیاسی. لەبەرئەوە کورد هەمیشە ترسی دووبارەبوونەوەی ڕووداوە ناخۆشەکانی هەیە لەنێوان هێزە کوردییەکان لەڕووی ئاراستەی سیاسیەوە. هەروەها یەکێ لەخەمەکانی تاکی کوردی ترسە لەبێکاریی و نەبوونی دڵنیایی لەداهاتودا ،

بەتایبەتی ئەو گەنجانەی کەوا عەودالّی دۆزینەوەی هەلی کارن، بەڵام هەلی کاریان دەستناکەوێ ئەگەر هەشبێت کۆمەڵێک مەرجی قورسی هەیە ئەمە زۆر کاریگەری نێگەتیفی دەبێت ئەگەر چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ نەدۆزریتەوە. زانراوە کەوا ئابوری شادەماری کۆمەڵگایە هەروەها بەردی بناغەی ڕاگیرکردنی سیستەم و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانە.بابەتێکی دیکە پەیوەندی بەزمانی کوردییەوە هەیە لەئێستادا هەڕەشەی جدی لەسەرە ئەمەش نەوەی داهاتوو دەترسێنێ، هەروەها کۆمەڵگاش دەترسێنێ بەوەی ناسنامەی زمان و کولتووری چەندین ساڵەی بسڕێتەوە، چونکە زمان وەک دیاردەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی شوناسی نەتەوەیی و ئەخلاقی کۆمەڵگایە. هەژمونی زمانە بیانیەکان بەسەر زمانی کوردیدا وای کردووە گەنجان تووشی نامۆبوون و نائومێدی ببنەوە، بەتایبەتی لە دۆزینەوەی کاردا. ئەگەر زمانە بیانیەکان پێوەری دەرفەتی کار بن ئەوا زمانی کوردی هەنگاو بەهەنگاو کاڵدەبێتەوە. پرسێکی دیکە زۆر گرنگە ئاماژەی بۆبکەم ئەویش ترسی کۆچکردنی گەنج و لاوانە بۆ دەرەوەی وڵات. ڕۆژانە کورو کچ ئەم مەملەکەتە جێدێڵن ئەمە ڕاستیەکی بابەتی و ئاماریە. ڕێژەی کۆچکردنی گەنجان لەهەڵکشاندایە.ڕەنگە گەورەترین هۆکارو پاڵنەری ئەم دیاردەیە هەستکردنە بە نائومێدیی و نامۆبوون، چونکە نەبوونی یەکسانی و نەبوونی دەرفەتی کاری شایسە بەگەنجان وای کردووە خەڵک ئەم هەرێمە چۆلبکەن ئەمەش لەدەستچوونی نەوەی گەنجانە لەداهاتوودا ئەم ترسە لەئێستاو ئایندەدا هەستی پێدەکرێت. ڕەنگە ترسی پێکدادان و ناکۆکی و ململانێی نەوەکان هەمدیسان پرسێکی دیکە بێت پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردنە. نەوەی پێشوو هەوڵی ڕاگیرکردن و پتەو کردنی بیرۆکە کلاسیکییەکان دەدات لەکاتێکدا نەوەی تازە مەیلی گۆڕانکاری هەیە لەدابونەریت وبەها کۆنەکان ئەمەش ترسێکە بەردەوام لەکۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکاندا بوونی هەیە.

خاڵیکی دیکە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەم ئەویش ترسی کوردە لە داڕمانی ئابوری، چونکە زۆرێک لە خەڵک فەرمانبەری حکومەتە چەندین ساڵە کێشەی قووڵی دارایی و دابینکردنی بژێوی ژیانیان هەیە خەریکە برسیەتی ڕوو لە کۆمەڵگای کوردی دەکات. چونکە تاکە سەرچاوەی دارایی مووچەخۆران تەنیا ئەو مووچەیە کەوەری دەگرن. بۆیە ترسی تاکی کورد لەپێنەدانی مووچەکەیەتی وا خەیاڵ دەکەن ئەم پرسانە بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە چارەسەری ڕیشەیی بۆ نەکرێت.گوێپێنەدان و بێباکی دەسەڵات لەبەرانبەر دۆخ و گوزەرانی مووچەخۆران مەترسی جدی دروستدەکات.

## تەوەری شەشەم: ترس لەنێوان دوو نەوەی جیاوازدا

نەوە جیاوازەکانی کۆمەڵگا ڕووبەڕووی ترس دەبنەوە بەڕێگاو شێوازی جیاجیا. بەدێژایی مێژوو نەوەکان بەرەنگاری ترس بوونەتەوە هەلومەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی نەوەکان جۆری ترسەکان دەستنیشاندەکات. چونکە شێوازی ترسەکان وەک پێشتر باسم کرد دەگۆڕێن.بۆنموونە ترسی گەنجی کورد لەپێش ڕاپەڕین بەجۆرێک لەجۆرەکان جیاواز بوو لەم جۆرە ترسەی کە ئێستا پێوەی دەناڵێنێت. بێگومان هەندێ ترس هەن هاوبەشن لەنێوان هەردوونەوەکەدا، بەڵام ڕێژەو لێکەوتەکەی جیاوازە. ترسی نەوەی پێشوو لە دامەزراوە سەربازیی و سیاسیەکانی ڕژێمی پێشووبوو لەڕووی سیاسیەوە. چونکە ڕژێمی تۆتالیتاری پێشوو لەسەر بنەمای ترس وتۆقین کاری دەکرد. بەردەوامیش ترسی لە ڕووە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکە بەرهەم دەهێناوە. سروشتی هەموو سیستەمە تۆتالیتاریەکان یەک ئامانجیان هەیە ئەویش ملکەچ پێکردنی جەماوەرە. ترس و هەڵاتنی نەوەی پێشوو لەدەست

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

سەربازی زۆرەملێ یەکێک بوو لە دیاردەکانی ترس لەناو کۆمەڵگادا. هەرچەندە ئەم سەربازیە چەندین ڕێکارو یاساو ڕێنمایی ترسی تێدابوو، بەڵام دەبوایە لەکات وساتی خۆیدا ئەنجامی بدەی. بەگشتی ترسی نەوەی پێشوو لەکۆمەڵێک دیاردەی ترسناک بوو ئەم دیاردانە بەرمەبنای ڕژێمی تۆتالیتاری بوو.ترسی کۆن کەمتر لەبارەی بونیادە کۆمەڵایەتییە کەبوو کەمتر لەبارەی بیانی بوو، هەروەها پەیوەست نەبوو بە زیادبوونی مادە هۆشبەرەکان و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە. زۆربەی ترسەکان ترس بوون لە سیستەمی سیاسی و زۆرەملێی سەربازیی و ئینتیمای سیاسی و نەتەوەیی. وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد ترسی ڕابردوو ترس بوو لە شەڕەکانی جیهان، شەڕو ئاشوبی وڵاتان زۆربوونی کودەتاو یاخی بوونی گرووپە سیاسیەکان. سروشتی ترس وایە کە بەدامەزراوەیی دەکرێت، بەتایبەتی پەیوەستە بەدامەزراوەی سیاسی وکۆمەڵایەتی. ترسی داگیرکردنی وڵاتان و شوناسی جیاواز تایبەتمەندیی سەرەکی ترسەکان بوو لە ڕابردوودا. ئەگەرچی ناسەقامگیری ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاسایش بە گشتی بوونی هەبوو، بەڵام لەئێستادا بەڕێگای جیاواز بوونی هەیە. ناسەقامگیریی ئاسایش لەڕابردوودا هەڕەشەی جدی لەهاوڵاتیان و گرووپەکۆمەڵایەتییەکان دەکرد. بۆنموونە کورد وەک نەتەوە هەمیشە لەژێر سایەی ئەم سیستمە تۆتالیتاریانە ژیانی پڕ لەمەترسی و ئاوارەیی و دەربەدەری بوو. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کەوا لەسەردەمی پێشوودا چاودێری کردن وسانسۆڕکردن وسنوردارکردنی ئازادیەکان زیاتر بوون. بۆنموونە کورد هەمیشە لەژێر چاودێریی وسانسۆڕی ئەوی تر دابووە. یەکێ لە دیاردەکانی ترس ئاشکرابوونی نهێنی کارکردنی گرووپە سیاسییەکان بوو بەشێوەیەک ئەگەر ئاشکرابوان یەکسەر دووچاری سزای زیندانی هەتاهەتایی، یان لێسێدارەدان دەبوونەوە. ترسی نەمانی بەها کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی کۆمەڵایەتی و هەژموونی ئایین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لای نەوەی پێش ڕاپەڕین هەستی پێدەکرێت.هەروەها ترسی کەمبوونەوەی ڕۆڵی باوان لەپەروەردەکرنی خیزان و منداڵدا بە شێوەیەکی بەرچاو هەستی پێدەکرێت. لەگەڵ چەندین ڕووکارو تایبەتمەندیی ترسی دیکەی نەوەی پێش ڕاپەڕین.

ناسەقامگیری ئابوریی و ترسی هەژاری هەمدیسان تایبەتمەندیی وخەسڵەتی نەوەی پێشووە، چونکە ئابوری لەهەموو سەردەم و دۆخێکدا گرنگە بۆ سەقامگیریی دەروونی و سەلامەتی مرۆڤەکان، بەتایبەتی لەسروبەندی گەمارۆ ئابوریەکانی سەر ناوچەکە. دوای ڕاپەڕین ترسەکان لەناو کۆمەڵی کوردیدا دووبارە سەریانهەڵدایەوە. ناسەقامگیریی ئابوریی و سیاسی و ئاسایش دیسان بەڕۆکی کۆمەڵگای کوردی باشوری گرتەوە. گەورەتری ترس و نیگەرانی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ بوو لەنێوان گرووپە سیاسییە جیاوازەکاندا. هەرچەندە ئەم شەڕە هۆکاری زۆری هەبوو کاتێ هەڵگیرسا، بەڵام ئەمە بابەتی سەرەکی ئێمە نیە، بەڵکو پرسی شەڕ وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەری ڕاستەخۆی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاو بوونەوەی ترس و تۆقین دەبێت. هەرکە شەڕ دروستبوو کاولکاریی و ترازان و دووبەرەکی و تاوان و کوشتن و ئازار و ناخۆشی بەدوای خۆیدا دێنێت. نەوەی پێشوو بەترس و لەرز ژیانی تێپەڕاند، چونکە شەڕ هەژاریی و قات و قڕیی و ئاوارەیی بەدوای خۆی داهێنا. ڕەنگە تاکە هۆکاری دروستبوونی ئەم دیاردە ناپەسەندانە نەبوونی هۆشیاریی و مەعریفە بێت. ئەوەی کە نەوەی پێشوو لێی دەترسا شەڕو ئاشوب و گرفتە سیاسیەکان بوو بەپلەی یەکەم دواتر ترسەکانی دیکەی ئابوریی و نەخۆشی و هەژاری. نەوەی ئێستا کە بەنەوەی دیجیتاڵ و سۆشیاڵ میدیا دەناسرێتەوە لە کۆمەڵێک دیاردەو ڕووداویی ڕاستەقینە دەترسێ کە پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵایەتی وبونیادیەوە هەیە. ترسی نەوەی تازە لە هەژموونی تەکنەلۆژیاو گۆڕانی کەش و هەواو پیسبوونی ژینگەو زیادبوونی نەخۆشیە

کوشندەکان دەترسێ. تێکچوونی ئاسایش و سەقامگیری هەمدیسان پرسیارو گومانی ئەم نەوە تازەیە. چونکە ئاسایش کۆڵەگەی سەرەکی مانەوەی مرۆڤە. نەوەی گەنجان لە دووبارە بەرهەم هێنانەوەی سیستەرمی کۆمەڵایەتی و بونیاتی کۆمەڵایەتی دەترس، چونکە پێیان وایە ئەم جۆرە سیستەمانە ترس و دڵەڕواکێ دروستدەکەن نەوەیەک بەرهەم دێنێت کە وێنەی کۆن دووبارە بکاتەوە. پەروەردەکردنەوەی تاکی گەنجی کورد لەسەر بنەمای ئەم کولتوورە چەقبەستووە گەنجێکی تێکشکاو بێ ئامانج و ناسنامەی کۆمەڵایەتی لێدەردەچێت. بۆیە گۆڕانکاری لە کرۆکی پەروەردەدا گرنگە بۆ نەوەی تازە، چونکە نەوەی تازە خواستی ئەوەی هەیە لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی دنیا هەڵبکات. نەوەی سۆشیاڵ میدیا هەمدیسان کێشەیە، چونکە بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا بەم شێوازەی ئێستا لێکەوتەی نەرێنی بەدوای خۆی جیدێڵێ هەروەک پێشتر باسمانکرد. ترس لەجیهانگیری گەورەترین مەترسیە بۆکۆمەڵگاکانی بەر لەمۆدێرنە. سروشتی جیهانگیری وایە هەمیشە شتە جوان و ڕەسەنەکان هەڵدەمژێ بەئاراستەی نەمان و سڕینەوەی. (زیگمۆن باومان) پێی وایە جیهانگیری ئەزموونێکی ترسناکە لەم زەمەنەی ئێستادا، بەتایبەتی بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کەوا دەناڵێن بەدەست دواکەوتویی و بێزاریەوە. کۆمەڵگایەک، کە لەبنەڕەتدا لەپرۆسەی جیهانگیری تێناگات. هەرچەندە بە گوتەی ئەم کۆمەڵناسە یەکێک لە کاریگەریە لاوەکیەکانی جیهانگیری نێگەتیف بژاردەو هەڵاوێرکردنی بازرگانی و سەرمایەداریی وچاوەدێریی و توندوتیژیی و چەک و تاوان و تیرۆرە.(Bauman, Zygmunt, 2006, p102)
هەرچەندە ئەم شیکردنەوەیە بۆچوونی خودی ئەم کۆمەڵناسەیە، بەڵام پێماندەڵێت کەوا جیهانگیریی بۆ کۆمەڵگاکانی بەر لەمۆدێرنە کاریگەریی و لێکەوتەی زۆر هەیە بۆ ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە. ئەگەر چی کرانەوەی کۆمەڵگاکان لەڕێگای ئەم جیهانگیریە نێگەتیفەوە ستەمە بەرانبەر خودی کۆمەڵگاکان دەکرێت، بەتایبەتی ئەوکۆمەڵگایانەی بە سروشت قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگایان نەپریوە هەمیشە پرۆژەی مۆدێرنەو جیهانگیری بە نەرێنی دەشکێتەوە لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان. خاڵێکی دیکە ئەوەیە نەوەی تازە لە زۆربوونی بیانییەکان و سڕینەوەی دیمۆگرافی دانیشتوان دەترسێ، چونکە زۆربوونی شوناس و نەتەوەی جیاواز بەهەڕەشەو مەترسی دەزانن لە سەر ناسنامەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی. پرسێکی دیکەی ترسی ئێستای نەوەکان ترسە لە جێهێشتنی کۆمەڵگا،هەرچەندە ئەم ترسە دەمێکە هەیە نەوەی پێشووش بەدەست ئەم پرسە دەیناڵاند، بەڵام ڕێژەی کۆچی گەنجان و لاوان چەندین بەرانبەر بووە. دواجار بێکاریی و نەبووونی دەرفەتی کارکردن خەمی ئەم نەوە تازەیە. زۆرێک لەشارەزایانی کۆمەڵناسی هۆکاری ئابوریی و بێکاری بە گەورەترین هۆکار دەزانن بۆ دوورەپەرێزیی و نامۆبوون و کۆچکردنی گەنجان. چونکە هەبوونی دەرفەتی کارو دابینکردنی بژێوی ژیان تاکە گەرەنتی مانەوەی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتییە. هەردوو نەوەکە هەم خاڵی هاوبەشیان هەیە هەم خاڵی جیاوازیان هەیە لەبەرانبەر ترسەکان. بۆنموونە نەوەی تازەو نەوەی پێشوو ترسیان هەیە لە کاڵبوونەوەی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و تێکچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی. هەروەها هەردوو نەوەکە ترسیان هەیە لەدووبارەبوونەوەی ئەو ئەزموونە تاڵ و ناخۆشانەی کەوا بەسەر میللەتی کورداهاتووە. ئەگەر نەوەی پێشوو لە نەبوونی ئازادیەکان ترسابێت ئەوا نەوەی تازەش هەمان بۆچوونی هەیە. نەوەی پێشوو ترسی هەبوو لەوەی سەربازی بکات و لەبەرەکانی جەنگ ژیانی لەدەستبدات، بەڵام ترسی گەنجی کورد لەئێستادا ترسە لە نەبوونی ئارامی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی. ترسی ئەوەی هەیە لەدەریاچەو ڕووبارەکان بخنکێت. ترسی نەوەی گەنجان ترسە لە نەبوونی دەرفەتی کارکردن، ترسە لە

دەست بەسەرداگرتنی هەموو سێکتەرەکانی ئابوریی لەلایەن ئەوی دیکەوە. کەسانی نامۆ دەستیان بەسەر شوێنە گرنگەکانی بازاڕەکانی کارکردندا گرتووە. ئەمە نیگەرانیەکە تاکی کوردی، بەتایبەتی گەنجان ڕووبەڕووی دەبنەوە. گەنج بەسروشت حەزی بە ئازادییە، چونکە ئەزموونی ژیان پێماندەڵێت ئازادی گەورەترین کۆڵەگەی ئارامی دەروونی و کۆمەڵایەتییە.

**تەوەری هەفتەم:**

**ترس لەئاینده**

ئایا ترس کۆتایی پێدێت ئەگەر هیوا هەبێت؟ ئەگەر ترس بەردەوام بوو لەناو کۆمەڵگادا ئاییندەی ترسەکە چۆن کاردەکاتە سەر بیرکردنەوەی مرۆڤەکان و بونیاتی کۆمەڵایەتیان؟ بڵاو بوونەوەی ترس ئاسایشی بوونی مرۆڤ لەناو دەبات. کێشەکە لەوەدایە مرۆڤ دەتوانێ زۆرشت کاڵبکاتەوە وەک خۆشەویستی و ڕق و گومان و زۆری تر، بەڵام لەژیاندا ناتوانێ ترس لەناوببات. کەوابێ ترس هەمیشە لەگەڵ مرۆڤدا دەژیت. بەڵام پرسیار ئەوەیە کێ بەرپرسە لە کەمکردنەوەی ڕێژەی ترسەکان؟ هەرچەندە وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە جێگای ڕەزامەندی توێژەران وخوێنەران نەبێت، چونکە ترس لەئاینده کەمتر پێشبینی دەکرێ وەک ئەوەی لە ئێستادا هەیە. لەم سەردەمەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ترسی جدی دەبینەوە وەک هەژاریی و برسیەتی و گۆڕانی کەش و هەواو سیاسەت و گرووپی توندڕەو چەندین جۆری تر. پێویستمان بەباوەڕێکە کە ئیرادەی ئەوەمان هەبێت زاڵ بین بەسەر ئەم کێشانەی کە ئاماژەم بۆکرد. بەڵام ئایا ئەم کێشانە چارەسەر دەبن؟ یان ئەوەتا بۆ درێژەدانی ترس لەئاینده دا دەبنە دووبەرانبەر. کوردستانی باشور لەئێستادا نوقمی چەندین ترسی ڕاستەقینەو دروستکراوە. دروستکراوە بەومانایەی کە سیاسەتی ئیدارەدانی میلللەت دەیەوێ ترسەکان بمێنێتەوە بۆ ئەوەی هەژموونی خۆی دووبارە بسەپێنێتەوە. ترسەکان وەک میکانیزمێک دادەنرێت بۆ درێژەپێدانی دەسەڵات و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی. ترسەکان ڕاستەقینەن بەومانایەی کە هەڕەشەی تیرۆرو نەبوونی ناسنامەی دەوڵەت و تێکچوونی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و لەباربردنی ئەزموونەکەو هەڵکشانی مادەی هۆشبەرو زۆربوونی ڕێژەی جیابوونەوە و کەمی هاوسەرگیریی و چەندین جۆری تری ترس. کۆمەڵناسی بەریتانی (فرانک فۆریدی) پێی وایە کەوا ترس لەشتە نەزانراوەکان لەئاییندەدا بابەتێکی سەرەکی کولتووری ترس بووە. هەروەها یەکێ لە بابەتە سەنجراکێشەکان لای ئەم کۆمەڵناسە ئەوەیە کەوا گوتاری ترس لەداهاتودا هەڕەمەکیە بەوەی زۆرجار پێشبینی کارەساتی گەورەدەکەن لەداهاتووی کۆمەڵگاکان.( Furede, frank, how fear works, 2018,p99)

زۆرجار مرۆڤ تووشی سەرسورمان دەبێت ناتوانێت پێشبینی ڕووداوی نەخوازراو بکات. هەروەها مرۆڤ لەئاست ئاڵۆزیەکانی ژیانی مۆدێرنەو جیهانگیریدا هەمدیسان بەهەڵە پێشبینی ڕووداوی کارەسات دەکات بۆ ئاییندەی کۆمەڵگاکان. بەڵام زۆر جار پێشبینی کردنی مرۆڤ لەدیاردە نادیارو نەزانراوەکان دروستە، چونکە لەهەبوونی دۆخێکی لەم جۆرە لە ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی و ئابوریی و کولتووریدا ترسە نادیارەکان زۆردەبن.

ئەم کۆمەڵناسە وای دەبینێ ترسی ئاینده لەڕابردوودا فۆکسی لەسەر بابەتەکانی ئایین بووە وەک سزاو دۆزەخ. بەڵام دوای سەدەی بیستەم ترسی ئاینده گۆڕا بۆ شتە دنیاییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو مۆرکێکی کەسیان بەدەستهێنا. هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٠٤

هەرچەندە ئەم کۆمەڵناسە لەڕوانگەی خۆیەوە بەپشت بەستن بەکۆمەڵێک بەڵگەو دیکۆمێنتەوە هۆشداری ئەوروپا دەدات لە کارەساتە سروشتیەکان و مردنی پێشوەختەو دۆخی تەندروستی بەگشتی. هەروەها باسی ستایللی ژیانی دروست دەکات، بەڵام ئەم بۆچوونە ڕاستیەکی گرنگی تێدایە بۆ ئەوەی ئاییندەی ترس لە کۆمەڵگای کوردی پێ

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

بخوێنرێتەوە. چونکە مردنی پێش وەختە و کێشە تەندروستیەکان لە کوردستاندا زۆرە بەراورد بە ڕابردوو لەئایندەشدا ئەگەر بەری پێنەگیرێت زیاتر دەبێت. بۆ ئەوەی تەمەنت درێژبێت وبوێرانە ژیان بکات پێویستە ستایللی ژیانی بگۆریت بەپێی سەردەمەکان لەهەموو بوارەکانی ژیانت. هیواو ئایندە زۆرجار بەیەکەوە دێن، چونکە پەیوەندیەکی تۆکمەو گرنگیان بەیەکەوە هەیە. مرۆڤ ئەگەر خواست و هیوای هەبێت ئایندەش جوان دەبینێت و هەوڵی بێوچان دەدات بۆئەوەی بەدەستی بێنێت. هیواو ترس بەیەکەوە هەڵدەکەن کامیان بەهێزترن؟پەیوەندی هیواو ترس تەنیا سیفەتێکی دەروونی نیە مرۆڤ هیوا لەسەر جوانیەکانی ڕاپردوو هەڵچنێ، کەچی لە ئێستادا بێبەشبێ، بەڵکو هیوا پشت بە سیستمێکی پرمانا دەبەستێ کەمرۆڤ بتوانێ ڕووبەڕووی شتە نادیارو نەزانراوەکان بێتەوە لەداهاتوودا. مرۆڤ نیگەرانیەکی قووڵی هەیە لەداهاتوو، چونکە کەس بەتەواوی نازانێ لەئایندە چی بەسەر کۆمەڵگاو سیاسەت و سروشت دێت. ڕەنگە دۆخەکان ئاڵۆزتر بن یاخود بەپێچەوانەوە مرۆڤ پلان و سیستەمێک دابنێت لەگەڵ سروشت و کۆمەڵگا ئاشت بێتەوە. یان بەپێچەوانەوە کارەساتی سروشتی و چیرۆکی خەیاڵی وای دەبێت مرۆڤ چاوەڕێی ناکات. نابێ ئەوەش لەبیربکەین کەوا ترس تایبەتمەندییەکی دەروونی وکۆمەڵایەتی هەیە لەئەنجامی فاکتەرە دەرەکیەکان و ژینگەییەکان بەبەردەوامی خۆی دەردەخات و هاوەڵێکی هەمیشەیی مرۆڤە لەئێستاو ئایندەدا. ترسی کورد وەک نەتەوە و کۆمەڵگا لەئایندەدا ترسە لە کاڵبوونەوەی ناسنامەو زمانی کوردی وەک پێشتر ئاماژەم بۆکرد ناسنامە بەهەموو کایەکانیەوە زۆر گرنگە بۆ مانەوەی هەر نەتەوەو کۆمەڵگایەک. ترسی لەدەستچوونی بەها بەرزەکانی کوردەواری هەمدیسان لەداهاتوودا پرسێکی گرنگی نەوەکان دەبێت. دووبارەبوونەوەی ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردووە، کە بەسەر کوردا هاتووە هەم دیسان ترسێکی دیکەی واقعیە کورد لێی دەترسێ کەوا دووبارە بێتەوە بە شێوازێکی دیکە. ترسەکان لەئایندەدا کەمێک سەختە پێشبینی بکرێت، بەڵام چەندە کۆمەڵگا گەشەی کرد و تەکنەلۆژیا بڵاوبووەوە ئەوەندە زیاتر دەبێت لەداهاتوودا. بەمانایەکی دیکە گۆڕانکاریە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان ترس و کێشەکان زیاتر دەکەن. جێگرەوەی ترسیش ئاسایش و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و دەروونی مرۆڤەکانە. ترسی ئایندە لەکوردستاندا ترسە لە سڕینەوەی ناسنامەو پرسی کورد ئەم جۆرە ترسە بوونی هەیە. چونکە ئەوی دیکە چەندین ڕێگا بەکاردێنێت بۆ لاوازکردن و پەراوێزخستنی پرسی کورد. نەتەوە سەردەستەکان نایانەوێ کورد وەک ناسنامە گەشە بکات لەئاستی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ڕۆشنبیریدا. ئەوان دەیانەوێ کورد وەک بوونەوەرێکی لاواز دەرکەوێ نەوەک خاوەن پرۆژەو فیکری جیاواز. جگەلەوەش کورد ترسی هەیە لەناوخۆی خۆیدا زیاتر پەرتەوازەو جیاواز بێت دوور بێت لەیەکانگیریی و یەکگرتوویی. زۆرجار فاکتەری خودی کاریگەرترە لە فاکتەرە دەرەکییەکان زۆربەی ئەو نەتەوەو کۆمەڵگایانەی کەوا نەبوونەتە دەوڵەت و ئینتیمای نەتەوەیی تێدا لاوازە بۆ هۆکاری ناوخۆ دەگەڕێتەوە. نەتەوە خۆی پەرتەوازەو خاوەن پرۆژەو ئیرادەی یەکگرتوو نەبێت هەرگیز ناتوانێ هەنگاو بنێت بۆ دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی. ئەوەی میللەتی کورد لێی دەترسێ ئەوەیە کەوا دەسەڵاتی خۆماڵی چاکسازی نەکات بەبێ گۆڕانکاری لەسیستەمی سیاسی و هەیکەلی دەسەڵات، چونکە مانەوەی دەسەڵات لەسەر ڕێچکە کۆنەکەی ترسەکان زیاتر دەکات لەداهاتوودا. ئەو کێشە هەنووکەیانەی کەوا بەرۆکی کۆمەڵی کوردیان گرتووە پرن لە مەترسی و لەدەستدانی ئەوەی کە بەدەستهاتووە. گۆڕانە کولتووریی و جیهانییەکان زۆر خێران بەهۆی پرۆژەکانی مۆدێرنەو سەرمایەداریی و جیهانگیریەوە. نەوەی ئایندە خوازیاری ئەم جۆرە گۆڕانکاریانەیە، کە بەچاوی خۆی ببینێت.

ترسەکان بەبەرگی تازەترەوە بەردەوامیان هەیە لەکۆمەڵگادا. هەندێ پێشبینی هەیە لەسەر بنەمای کێشە کەڵەکەبووەکانی تازەیە، بۆیە ترس هاوەڵی مرۆڤە لە هەر شوێن و کاتێکدا. کورد وەک کۆمەڵگاو نەتەوە بەدەست ترسە ڕاستەقینەو دروستکراوەکانەوە دەناڵێنێت چی لە ئێستادا چی لەداهاتوودا.

**ئەنجام**

ترس دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە ڕووبەڕووی هەموو مرۆڤ و کۆمەڵگاکان دەبێتەوە. ترس هەمیشە بەرکەوتەی لەگەڵ مرۆڤەکاندا هەیە. ترس بەرەنجامی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە. ترس ئامرازێکی گرنگی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە کۆمەڵگا بەکاری دێنێت بۆ مانەوەی سیستەم و پارێزگاریکردن لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. ئەنجامی بەدەستهاتووی ئەم توێژینەوە تیۆرییە ئەوەیە کە کۆمەڵی کوردی لەڕێگای دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ترس لای تاک و گرووپە کۆمەڵایەتیەکان دروستدەکات بەمەبەستی ڕاگیرکردنی کولتوورو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها یەکێ لە دەرەنجامە پێدراوەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کەوا ترس لەکۆمەڵگای کوردیدا ڕەگی داکوتاوە بووەتە بەشێک لەکولتوور لەڕێگای دامەزراوەکانەوە بەکرداری مومارەسەدەکرێت. کۆمەڵی کوردی لەزۆر بواری جیاواز ڕووبەڕوووی ترس دەبێتەوە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زۆربەی جۆرەکانی ترس بەکاردەهێنرێن وەک ئامرازێک بۆ بەرزەفتکردنی کۆمەڵگا لەزۆربەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان. هەروەها ترس هەمیشە بوونێکی ڕاستەقینەبووە لەهەموو سەردەم و دۆخە جیاوازەکاندا لەکۆمەڵگای کوردیدا جگە لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ترس وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەنێو فۆرمی سیستەمی سیاسی بەکاردەهێنرێت، بەتایبەتی لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا بەمەبەستی ڕاگیرکردنی فۆرمی حوکمڕانی.ترس وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەمیشە لەگەڵ مرۆڤدا وەک بوونێکی ڕاستەقینە بەردەوام دەبێت. ترسەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵی کوردیدا هەیە لەچەندین ڕووەوە.

لیستی سەرچاوەکان بەئینگلیزی
1-Hobbes, Thomas (1983) De Cive. Oxford: Oxford University Press.
2-Furedi, Frank (2005) Politics of Fear. London: Continuum.
3-Furedi, Frank (2018) How Fear Works: Culture of Fear in the Twenty-First Century. London: Bloomsbury Publishing Plc
4-.Glassner, Barry (2001) The Culture of Fear. New York: Basic Books.
5-.Lipton, Deborah (1999) Risk. London: Routledge.
6-Bauman, Zygmunt (2006) Liquid Fear. Cambridge: Polity Press.
7-Stearns, Peter (2006) American Fear: The Causes and Consequences of High Anxiety. Abingdon: Routledge.
8-Svendsen, Lars (2008) A Philosophy of Fear. Translated by John Irons. London: Reaktion Books Ltd.
9-Berger, Peter (2011) Invitation to Sociology. London: Routledge.
سەرچاوە کوردییەکان
١-ئارێنت، هانا، وەرگێڕانی ڕەشید حەمە، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، ٢٠٠٧